شاخوان عبدوڵا جێختیکردەوە لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای موختارەکان

ئەمڕۆ یەک شەممە "شاخوان عبدوڵا"جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران،بەردەوامبوون لە کارە یاساییەکان سەبارەت بە هەشتووسی هەموارکردنەوەی یاسای موختارەکان پشتڕاستکردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ئاریگەیاند:- ئەمڕۆ یەکشەممە "شاخوان عبدوڵا" جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆبوونەوەیەکی فراوانی لێگەڵ وەفدی موختارەکان لە عێراق ئەنجامدا .

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :-لە کۆبوونەوەکەدا باس لە کارەکانی ئەم توێژە گرنگە و دەستبەرکردنی مافەکانیان کرا بەمەبەستی زیاتر هاندانیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان لە چوارچێوەی سنوری ناوچە و کارەکانیان، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی موختارەکان وەک پێیوندییەک لەنێوان هاوڵاتی و حکومەتدا.

بەگوێرەی بەیاننامەکە"شاخوان عبدوڵا"جێختی لە ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کردەوە بۆ بەردەوامبوون لە کارە یاساییەکان سەبارەت بە هەشتووسی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای موختارەکان ژمارە (13)ی ساڵی 2011.